# لە کۆڵانەکەی خۆماندا هەست بە غەریبی دەکەم

**گەرمیان حەمەخان**
garmyan86@gmail.com



صەددامی دیکتاتۆر و ڕژێمە فاشییەکەی هەتا حوکمی عێراقی کرد هەزارەها تاوانی بەرامبەر بە خەڵکی عێراق کرد بە جۆرێك کە لەبەر گەورەیی ئەو تاوانانە لە دوای لە ناوچوونی ڕژێمەکەی بوو بە میوانی پەتی سێدارە.

بەڵام ئەوەی دەکرێت ئێستا قسەی لەسەر بکەین ئاسەواری هەموو ئەو تاوانانەیە کەلە پاش خۆی بە جێی هێشت، هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی لەناوچوونییەوە بیگرە کە دەیان کەس بە تایبەت منداڵان دەبوونە قوربانیی ئەو تەقەمەنیانەی کە لەو کاتەدا بازرگانی پێوە دەکرا، تا ئێستا کە دەیان ئاسەواری خراپ و بگرە زۆر ترسناکی وەك دروست بوونی دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی و شەڕی مەزهەبی و ........هتد لێکەوتووەتەوە. هەریەکە لەمانەش دەیان کێشەو گیر و گرفتی تری بە دوای خۆیدا هێناوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان پێشبینییان دەکرد کە لە دوای لە ناوبردنی بەعس و حکومەتی پێشووی عێراق هەموو ئەو ماڵە کوردانەی کە لە دەست ڕەفتاری ستەم کارانەی بەعس لەسەر کورد بوونیان ئاوارەی ناوچە ڕزگار کراوەکانی کوردستان بوون بگەڕێنەوە سەر زێدی ئەسڵی خۆیان و بەمەش ئەو قورساییە زۆرەی کە لە سەر زۆربەی شارو شارۆچکە سنوورییەکان دروست بووبوو نەمێنێت و ئەو خێزانانە بگەڕێنەوە، بەڵام نەك هەر ئەوە وانەبوو بەڵکو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبیی عەرەبی شیعەو سوونەو هەڕەشەی گرۆپە دەمار گیرو ناسۆنالیست و تیرۆریستە عەرەبەکان بە هەردوو مەزهەبەکەوە ژمارەیەکی بێ شومار لە خێزانی کورد و عەرەب بە تایبەت ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری عەرەب ڕوویان لە کوردستان کرد وەك خۆیان ئەڵێن لەبەر ئەوەی کە شوێنێکی ئارامە بە جۆرێك کە من ئێستا لەبەر زۆری عەرەب لە کۆڵانەکەی خۆماندا هەست بە غەریبی دەکەم، من لێرەدا نامەوێ وەك کەسێکی ناسیۆنالیست دژی هاتنی ئەو عەرەبانە بم کە جگە لە ئاینمان هەموو شتێکمان لە زمان و کولتوور و داب و نەریت لەوان جیاوازە، بەڵکو ئەمەوێت باس لە هەندێك لەو گرفتانە بکەم کە بەڕاستی ئەو عەرەبانە بۆ ئێمەی کوردیان دروست کردووە، ئەگەر هەر لە بوونی ئەو هەموو کرێکارەوە باسی بکەین بەڕاستی زیانێکی گەورەیان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ئەم وولاتە داوە، ئەگەر ئێواران یاخود بەیانیان زوو لە مزگەوتی گەورەوە تا بەر دەرکی سەرا بڕۆی وا هەست دەکەیت لە وولاتێکی عەرەبیدای ئەوەندەی کرێکاری عەرەب لێیە لەگەڵ ئەوەی بوونی ئەم کرێکارانە زیان بە ئابووری وولات دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی درووست بوونی بێکاری ئاشکرا لە ناو لاوانی خۆماندا ، بەڵام من بۆخۆم هەر لە گەڵ ڕێگرتن لەو کرێکارانەدا نیم ئەگەر کێشەی ئەمنی درووست نەکەن وەك چەند جارێك کردوویانە، بەڵام ئەگەر باس لە خێزانەعەرەبەکان بکەین ئەمە لە چەند ڕوویەکەوە زیانی گەورەی بۆ سەر ئێمە هەیە، ئەگەر هەر لەوەوە تەماشاکەین کە بە هاتنی ئەوان کرێی خانوو بە شێوەیەك بەرز بووەوە کە لە توانای زۆر کەسدا نەما بتوانێت بە بژی و مەمرەش خانوویەك بە کرێ بگرێت جگە لە بەرز بوونەوەی نرخی سەرجەم کاڵاکانی تر. تا ئێستا بۆ چەندین جارە لێیان لە سەر دزیی کردن گیراوە بە برینی ماڵانەوە بیگرە هەتا دەگاتە دزینی ئۆتۆمبێل و ئەو شتانە، ئەگەر لەوەش گەڕێین، گرتنی چەندین لەو گەنجانە لەسەر کاری تیرۆریستی و دواتر دانپیانانیان بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی یاخود هاوکاری کردنی تیرۆریستان بەکوشتن و ڕفاندن بۆ خۆی گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی ئەم وولاتە، خراپتر لە هەموو ئەوانەش هاتنی ئەو ڕێژە زۆرەی ئافرەتی لەش فرۆشی عەرەبە بۆ کوردستان کە زۆربەیان لەگەڵ خێزانەکانیانن یاخود لە شێوەی باندی لەشفرۆشین دەیان کاریگەری خراپی هەیە، یەك لەوانە چاولێکەری ئافرەتی کوردە بەو گرفتەی ئەوان کە زۆر جار بۆ پەیدا کردنی بژێوی یاخو چێژوەرگرتنێکی کاتی ئەو کارە دەکات و دواتر خوی پێوە دەگرێت و ڕەنگە لەسەری بەردەوام بێت، هەڵبەتە ئەم قسە بە

خەیاڵ و بۆ چوونی خۆنم نییە بەڵکو چەند نموونەی لەو شێوە هەبووە، یان ئالودە بوونی ژمارەك گەنج كە بۆ خاڵی کردنەوەی غەریزەی جنسیان پەنا دەبەنە بەر کاری سیکسی لەگەڵ ئەو ئافرەتانە کە ئەمەش دوورنییە لە ئاییندەدا ببێتە هۆی بلاّبوونەوەی نەخۆشی ترسناك وەك چۆن زۆربەی وولاّتانی جیهان پێوەی دەناڵێنن.

بۆیە پێویستە حکومەت بۆ ڕێگرتن لە هاتنی ئەو هەموو خێزانە عەرەبە ئەو هەموو کێشەو کارە ناپەسەندانەیان بکاتە بیانوو و چیدی نەهێڵرێت لەمەزیاتر کۆمەلگەی ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو ڕەفتارە نابەجێیانە تێکەڵ ببێت.